www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 27-12-2006 12:57

ئایا لە هەولێر جەژنی سەری ساڵ هەیە؟ ... دیار کەمال چەرمەگا

diyar1979@yahoo. com

زۆرم بەلاوە سەیرە کە هەولێر بەم شێوەیە (خۆڵ و دۆ) کراوە بەسەریا، سەیرتریش ئەوەیە شارۆچکەی عەینکاوا بەم شێوەیە ڕازاوەتەوە.

هەموو وواڵاتانی دنیا ماوەیەکی زۆر پێش هاتنی سەری ساڵ ئامادەکاری باش دەکەن لەهەموو ڕوەکانەوە ڕازاندنەوەی جادەو داروبارو دانانی گڵۆپی ڕەنگاوڕەنگ ئنجا ڕکابەری کۆمپانیاکان بۆ داهێنانی شتی تازەتر و هەرزانکردنی بلیت و کەلوپەل و هەرشتێك کە دلخۆشکەر بێت بۆیان ئەنجامی دەدەن، ئێستا ئەوکەسانەی لە هەندەرانن زیاتر لەگەڵ واقیعی ئەو کارو ڕوداوانەی سەری ساڵدا دەژین، بەهەر حاڵ لێرە لە هەولێری پایتەختی هەرێم هیچ نیشانەیەك نیە کە وات لێبکات بزانی تۆ لە ساڵی تازە نزیك دەبیتەوە ساڵێکی تر بەرەو پیرت دێت... لەم لاو لەولا لافیتەیەك لێدراوە پروپاگەندە بۆ دوو گۆرانی بێژدەکات یان کۆرەك مۆبایل دولارێك دیاری دەدات بە کەسێك کارتێکی دە دۆلاری بکرێت لەم شارەدا بگەڕی هیچ شتێك سەرنجت ڕاناکێشی و هیچ هێمایەك بەروی ئەم شارەوە دیار نیە کە بزانی جەژنی سەری ساڵە بەرامبەر ئەمەش مرۆڤ کاتی سەر دەکات بە شارۆچکەی عەنکاوادا کە زۆر لە هەولێرەوە نزیکە هەست دەکەیت نەوەك خەڵکەکە بەڵکو هەموو بستە زەمینێکی شارەکە لە خۆسازکردنایە بۆ ئەم جەژنە دارو باخچەو شەقامەکانیان کردووە بە گڵۆپی ڕەنگاورەنگ ئتر دەزانی کە دانیشتوانی ئەم شوێنە ڕێزی ئەم جەژنە دەگرن حەز بە تازەگەری پێشوەچون دەکەن، لەگەڵ هاوڕێیەکم گفتوگۆمان کرد بۆ ئەم جیاوازیە هەیە لە نێوان بایەخ و سەلیقەو زەوقی خەڵکی شارۆچکەی عەنکاواو هەولێر بۆ سەری ساڵ... ئەو هاوڕێیەم بۆچونی وابوو کە سەری ساڵ بۆ ئیسلام نیە تەنها بۆ مەسیحیەکانە منیش بە پێکەنینەوە پێم وت بە قسەی تۆ بێت خەڵکی سلیمانی و دهۆك مەسیحین.... نابێت بیرکردنەوەی ئێمە وابێت ئەم شارە وەکو هەموو پایتەختێك چەند جۆرە خەڵکێکی تێدا دەژی، دەبێت بەرپرسانی ئەم شارە کارێکی وابکەن سەرنجی ئەم خەڵکانە ڕابکێشن تا خەڵکیش هەست بکات شارەکە حەز بە پێشکەوتن و نوێکاری و خۆشی دەکات، نەوەك پێش دوو ڕۆژ دوو لافیتەو ریزە گڵۆپێك لەچەند شوێنێکی بەرچاو بدری یان دووئاهەنگ بۆ خودا پێداوەکان سازبدری، ئیتر چۆن لاوەکانمان هەست بە بێزاری دڵ توندی نەکەن و سەری خۆیان هەڵناگرن؟هیوادارم بۆ ساڵی داهاتوو خودای گەورە نیوەی ئەو جۆش و خرۆش و بایەخەی شارۆچکەی عەینکاوا بکات بە نسیبی ئێمەی دانیشتوی شاری هەولێری تاریکستان.